KCCRC

Islamic Studies

# جێدارە رۆژئاواییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوە جیهادییە ئیسلامییەکان



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١١٢

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# جێدارە رۆژئاواییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوە جیهادییە ئیسلامییەکان

عەلا عادل

وەرگێرانی: ئیدریس سیوەیلی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١١٢

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

حوزەیرانی ٢٠٢٠

# جێدارە ڕۆژئاواییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوە جیهادییە ئیسلامییەکان

عەلا عادل

**پوختە**

بە گشتیی دوو تیۆری ڕۆژئاوایی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسلام و موسڵمانان، یەکەم: تیۆری «هەموو وەکو یەکن»، لایەنگرانی ئەم تیۆرە هۆشداری دەدەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر پێکهاتەیەکی ئیسلامیی، یان ئەوەی ناوی دەنێن تیرۆر. دووەم: تیۆری «وەکو یەک نین»، لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێشنیاری جێدار دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدۆلۆجیای جیهادیی.

هەنگاوی یەکەم لە تیۆری دووەم بریتییە لە پێناسەکردنەوەی دوژمن، بەوپێیەی بزووتنەوەیەکی جیهانییە و لە منداڵدانی مەزهەبی سوننەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش هەنگاوی دووەم دێنێتەپێش کە خۆیدەبینێتەوە لە گۆڕانکاری لە میتۆدی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و جەختکردنەوە لەسەر دابڕینی جیهادییەکان لە سوننە.

لە نێوان دارشتنەوەی پێناسەی دوژمن و دیاریکردنی ڕێگای بەرەنگاربوونەوە، ڕۆڵی «ئیسلامیی ڕۆشنکەرەوە» بۆ بەرەنگاربوونەوەی «ئیسلامیی توندڕەو» دێتەپێش، کە ئەم توێژینەوەیە پێنج جێدار دەخاتەڕوو.

١ ئیسلامیی فەرمی: بیانی (ئەمەریکی، ئەورووپی و ڕووسی)، کەنداو (سعودی و ئیماراتی)، میسری (ئەزهەر).

٢- سۆفیزم: هەندێک بە ئلیاکی بەهێزی توندڕەوی ئایینی دەزان، بەڵام هەندێکی تر پێیانوایە دابڕانی زۆرتر دروستدەکات و سەلەفییە ناجیهادییەکان خۆی لێ بەدوور دەگرن.

٣- سەلەفی میانڕەو: نەیاری سەرسەختی سەلەفی جیهادییە.

٤- ئیسلامیی سیاسیی: بۆ کاراکردنی ئەم جێدارە پێویستە سەرەتا گرژی نێوان سیستمەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیخوان موسلیمین ئاسایی بکرێتەوە.

٥- لەخۆگرتنی سەلەقییە جیهادییە میانڕەوەکان: لە ڕێگەی دانوستانی ڕاستەوخۆ یان لێبوردن لە بەرامبەر دەستبەرداربوون لە توندوتیژی.

لە بەرامبەر ئەم پێنج جێدارە، جێدارێکی دژبەریش هەیە کە خۆیدەبینێتەوە لە تێکەڵکردنی بنکەی ڕێکخستنی قاعیدە و داعش، ئەمە لە دیدی توێژەرانی ڕۆژئاوا مەترسیدارترین سیناریۆیە.

## تیۆری یەکەم: هەموو وەک یەکن

«مەترسی ڕاستەقینە کە ڕووبەڕووی ئەمەریکا دەبێتەوە ئەو تیرۆریستانە نین کە بەناوی ئیسلامەوە کاردەکەن، بەڵکو خودی ئیسلامە، چونکە شەریعەتی ئیسلام گوزارشتە لە بەرنامەیەکی سیاسیی، سەربازیی و یاسایی کە وەحشیگەر و گشتگیرە بە ئامانجی لێکهەڵتەکاندنی پلەپلەی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا و دروستکردنی حکومەتی تر کە پابەندبێت بە ڕێنماییە بڕندەکانی ئیسلام». خاوەنی ئەم قسەیە «فرانک جافنی» دامەزرێنەری (سەنتەری توێژینەوەی ئەمنی) یە، پێشتریش ماوەی چوار ساڵ لە سەردەمی ڕۆناڵد ڕێگان لە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا کاریکردووە، لە لایەن (سەنتەری ساوسرن بوفرتی) بەوە وەسفکراوە کە یەکێکە لە بانگهێشتکارانی ئیسلامۆفۆبیا لە ئەمەریکا، بەپێی بەدواداچوونی کەناڵی (سی ئێن ئێن) ئەو کەسایەتییە تەنها سەرچاوەی دۆناڵد ترامپ نەبوو لە وەرگرتنی زانیاری دەربارەی مەیلی موسڵمانان بۆ تیرۆر لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەکردنەکەی، بەڵکو سەرچاوەیەکی سەرەکی هەموو تیۆرەکانی پیلانە.

لایەنگرانی تیۆری هەموو وەک یەکن، کە سەر بە

یانەی ئیسلامۆفۆبیان و جافنە سەرۆکایەتی دەکات، هەموو موسڵمانان لە خانەیەک دادەنێن، بە لافینەیەکی هۆشداری نووسیوییانە «تیرۆر»، ئەوان لەو بڕوایەدا هەر هانابردنێت بۆ پێکهاتەی ئیسلامیی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەوەی ئەوان پێیانوایە لە خودی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە یاریکردنە بە ئاگر.

### تیۆری دووەم: هەموو وەک یەک نین

لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێکی نەرمتر هەن وایدەبینن کە «چونە ناو جەنگی ئایدۆلۆجی دینی وەکو سەلەفی جیهادی ئەرکێکی قورسە و پێویستی بە داهێنانە»، ئەمە

> **بزووتنەوەی سەلەفی جیهادیی جیهانیی لە جەوهەری خۆیدا یاخیبوونێکی جیهانییە، بەڵام هێز و قورسایی خۆیی لە پەیوەندی بە کۆمەڵگە سوننیەکاندایە**

بە وتەی «عەساف موقەددەم» مامۆستای یاریدەدەر لە ئەکادیمیای سەربازی ئەمەریکی لە (ویست پۆینت) هاوکاری پلەبەرز لە بەرنامەی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی هارفارد.

ئەو ڕێگە داهێنراوەی باسی دەکات بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ (جۆرێکی مۆدێرن لە ئیسلام) تا ببێتە رکابەری ئایدۆلۆجی جیهادی، هەروەها پێدانی دەرفەتێک بۆ خەباتی بەردەوامی پیاوانی ئایینی موسڵمان لە پێناو دووبارە داڕشتنەوەی ڕێنماییەکانی شەریعەت پەیوەست بە کۆمەڵگە و سیاسەت، بەجۆرێک زیاتر لەگەڵ ژیانی سەردەم ئەبابێت. ئەمە بۆچوونی «ڕافاییل لۆفیفەر» توێژەر لە سەرنتەری کارنیگی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

شوێنکەوتوانی ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە کە «ئایدۆلۆجیا بە ئایدۆلۆجیا دەپوکێتەوە»، ئەوان بەدوای وێنەیەکی «نەرمونیان»ی ئیسلام وێڵن کە بە رووی گوتاری «توندڕەوی» ڕێکخراوە تیرۆریستیەکاندا بووەستێت. ئەم دیدە کە لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی جیهادییەکان بە وێنەیەکی جیاوازی ئیسلام بنیادنراوە دەخوازێت ململانێکە بە یەکێک لەم دوو ئاراستەدا ببات:

١- شکاندنی شمشێرەکان و شکستی فیکریی جیهادییەکان لەبەردەم گوتارێکی ویستراو لە داهاتویەکی نزیکدا.

٢- یاخود جەنگ دەچێتە گۆڕەپانی خودی ئیسلامییەکانەوە و ململانێی ئیسلامیی - ئیسلامیی دروستدەبێت و هەموان لاوازدەبن.

### هەنگاوی یەکەم: دووبارە پێناسەکردنەوەی دوژمن

بەر لە چوونە ناو جەنگی ئایدۆلۆجی دژی «تیرۆر»، کە لە فەرهەنگی ئەمەریکیدا هاومانایە بۆ جیهادییەکان، توێژەر «کاسرین زیمرمان» لە پەیمانگای (ئەمەریکان ئینتەربرایز) پێشنیار دەکات هەنگاوی یەکەم پێناسەی دوژمن بکرێتەوە، لە دیدی زیمرمان دوژمن بریتییە لە «بزووتنەوەیەکی جیهانی -نەک گرووپی بچوکی کاریگەر بە ئایدۆلۆجیای توندڕەوی- کە هێرش دەکەنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، پاڵپشت بە ئایدۆلۆجیای سەلەفی جیهادیی و خاوەن ئەزموونێکن کە هێزێکی کۆمەڵی بۆ پێکهێناون و ئاکی تێپەڕاندووە».

قاعیدە و داعش هیچ نین جگە لە ڕووکەشێکی ئەو ئایدۆلۆجیایە، بەشێکن لە بزووتنەوەیەک کە ڕیشەکەی بۆ چەند دەیە دەگەڕێتەوە، بزووتنەوەی سەلەفی جیهادیی جیهانیی هێشتا گەورەترە لەوەی تەنها ڕێکخستنێک بێت، ئەمەریکا و ڕۆژئاوا هیچ دەرفەتێکی سەرکەوتنیان نییە لەو ململانێیەدا ئەگەر تێنەگەن لەوەی کە ئەو بزووتنەوەیە دوژمنی

سەرەکیانە، ئەمەش ئەو تێروانینەیە کە زۆربەی توێژەرانی ڕۆژئاوا لەگەڵ زیرمان لەسەری کۆکن.

### هەنگاوی دووەم: دابڕینی جیهادییەکان لە ئوممەتی ئیسلام

دوابەدوای پێناسەکردنەوەی دوژمن، پێویستی گۆڕانکاری لە مینۆدی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دێتەپێش، ئەگەر بزووتنەوەی سەلەفی جیهادیی هێزی خۆی لە پەیوەندی بە پێکهاتەی سوننەوە وەردەگرێت، ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە تەنها بە شوێنپێهەڵگرتنی تاکی ڕێکخراوەکان و کوشتنی سەرکردەکانیان سەرناکەوێت،

> **ئیسلامی فەرمیی نموونەی ئیسلامی باوە کە لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت و وەك جێداری بیروباوەڕی توندڕەوی ئەژمار دەکرێت**

هەروەک ناتوانێت - لەبەر هۆکاری بابەتیی - لە ڕووی فیکرییەوە ڕاستەوخۆ بەرەنگاری ئایدۆلۆجیای سەلەفی جیهادیی بێتەوە، بێ ئەوەی کەرەستەی ئیسلامیی هەبێت لە پشتی پەردەوە بیجوڵێنێت. ڕاستە سەرکردە، تاک، کۆمەڵ، پێگە و تواناکانی سەلەفی جیهادیی کە بەهۆیانەوە دەکرێت هێرشی تیرۆریستی سنووربەزێن ئەنجام بدرێن ڕەگەزی گرنگن بۆ ئەو پێکهاتانەیە، بەڵام ئەزموون ئەوەی سەلماندووە کە سەرکەوتن بەسەر ئەو پێکهاتانە بێ بڕینی پردی پەیوەندیان لەگەڵ کۆمەڵگە سوننییەکان تەنها یارییەکی دۆڕاوە.

ئەگەر بزووتنەوەی سەلەفی جیهادیی جیهانیی لە جەوهەری خۆیدا یاخیبوونێکی جیهانییە، بەڵام هێز و قورسایی خۆیی لە پەیوەندی بە کۆمەڵگە سوننیەکاندایە، ئەم پەیوەندییە لە چەند دەیەی ڕابردوو لەرزۆک بوو، چونکە ئەو شێوازەی سەلەفی جیهادیی بۆ گێڕانەوەی خیلافەی ئیسلامیی خستیەڕوو لای گەلانی سوننە مەزهەب پەسەند نەبوو، بەڵام ئەو فشارانەی لەسەر سوننە - کە گەیشتووەتە هەڕەشەی بوون- وای لێکردن جۆرێک لە پاڵپشتی بۆ سەلەفی جیهادیی دەربڕن و پشتیوانی لێبکەن.

تاکە ڕێگەی سەرکەوتن بریتییە لە نەهێشتنی ئەم دۆخە و جەختکردنەوە لەسەر گەل و پچڕاندنی پەیوەندی بزووتنەوەی سەلەفی جیهادیی و پێکهاتەی سوننە، هەر شتێکی لەوە کەمتر گرەنتی ئەوە دەکات نەوەی داهاتووی ئەمەریکییەکان خۆیان لەبەردەم هەمان ئەو جەنگەدا بیننەوە کە لە چەند دەیەی ڕابردوو تێیدا شکستیان خواردووە.

دوای دووبارەکردنەوەی پێناسەی دوژمن و دیاریکردنی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی، ڕۆڵی «ئیسلامیی ڕۆشنکەرەوە» دێتەپێش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیدە تاریکەی کە پاڵ بە گەنجی موسڵمانەوە دەنێت بۆ توندوتیژی، هەروەک (بێرنارد کازینۆف) سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆی پێشوی فەرەنسا گوزارشتی لێکردووە.

### جێداری یەکەم: ئیسلامی فەرمیی

ئیسلامی فەرمیی نموونەی ئیسلامی باوە کە لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت و وەک جێداری بیروباوەڕی توندڕەوی ئەژمار دەکرێت:

#### ١- ئیسلامی ئەمەریکی:

دوای ڕووداوی یانزە سێپتەمبەر زۆرێک لە پسپۆڕانی ئەمەریکی جەختیان لەوە دەکردەوە کە کاری لەپێشینەی سەرکەوتن بە «جەنگی فیکر» دەبێت، ئەوان پێیانوابوو

جەنگی مۆدێرن دژ بە تیرۆر دەبێت تیۆر، بەڵگە، کتێب، گۆڤار، کۆڕ و کۆبوونەوە لەخۆبگرێت، چونکە لە کۆتایدا جەنگی قەناعەتپێکردنە، ئەوان هەروەکو مێژوونوس و کۆمەڵناس «پۆل برمان» باسیکردووە ئامۆژگارییان ئەوەبوو کە ململانێکە لە چوارچێوەی کاریگەری کولتووری بێت کە عەقلیەتی ئیسلامیی دەگرێتەوە.

حکومەتی ئەمەریکا لە دەیەی شەشەمی سەدەی بیست پاڵپشتی کاسۆلیکی کرد بۆ خۆپاریزی لە کۆمۆنیزم، ئەمەش مانای وایە دەکرێت مینۆدێکی هاوشێوە پەیرەو بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی، بە تایبەت لەبەر رۆشنایی دەرئەنجامەکانی کۆمەڵناسی کە دەڵێت «ناسنامەی ئایینی چەسپاو پارێزەرە لە واقیعدا دژی توندڕەوی».

لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکا نەهێشتنی توندڕەوی چەند دەیەیە بەشێکە لە سیاسەتی ئەو وڵاتە، هەرچەندە ئەمە رانەگەینراوە و لەژێر رۆشنایی ئاسایشی نەتەوەیدا ئەنجام دەدرێت، دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدراڵ و ویلایەتەکان بە تەنها دەستوەردانیان لە کاروباری ئایینی موسڵمانانی نیشتەجێی ئەمەریکا نەکردووە، بەڵکو هەوڵیانداوە ئیسلامیش بەو جۆرە لێبکەن کە خوازیارین، وەک بەشێک لە ستراتیجی نەهێشتنی توندوتیژی، بە ئامانجی کەمکردنەوەی کاریگەری ئایدۆلۆجی ئیسلامیی توندڕەو بە شێوەیەکی رێژەیی لە چوارچێوەی هاندانی زیاتری ئاینداری باو.

هۆکاری ئەم گەشەکردنە زۆرە، لەوانە:

یەکەم: ئاراستەکردنی سەرچاوە فەرمییە خۆجێییەکان بۆ نەهێشتنی تیرۆر کۆکە لەگەڵ بنەڕەتی خۆپارێزی کە جەختدەکاتەوە سەر کەمکردنەوەی مەترسی هێرشە تیرۆرستییەکان لە داهاتوودا، ئەمەش بە گۆڕینی ئاراستەی فیکری تاک و کۆمەڵگە و وشکردنی سەرچاوەکانی تیرۆر و توندوتیژی.

دووەم: بەکارهێنانی «هێزی نەرمی راکێشەر» زۆرترین کاریگەری و کەمترین زیانی هەیە بۆ ناوبانگی حکومەتی ئەمەریکا لە ناوخۆ و دەرەوە لە سایەی ئەو رەخنە ئێتیکی و یاساییانەی ئاراستە تاکتیکی «هێزی زبر» دەکرێت.

سێیەم: رەهەندی خۆجێی مەترسی تیرۆری هاوچەرخ ئەوە دەخوازێت کە مینۆدی دەستپێشخەری لەسەر ئاستی خۆجێی بگیرێتەبەر.

وێڕای هەوڵە دووبارەکان بۆ بنیادنانی متمانە لەگەڵ کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لەجیاتی بەرکەنارکردنیان، بەدوردەزانرێت حکومەتەکانی رۆژئاوا سەرکەوتوو بن لە بەرهەمهێنانی ئایدۆلۆجیای ئایینی و رەنگە ئەمە ئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە. هەوڵەکانی حکومەت شکستی هێناوە بەهۆی هەڵگری پەیامەکەوە نەک خودی پەیامەکەوە، چونکە هەر هەوڵێکی حکومەت لەناو خودی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان پێویستی بە راستگۆیی هەیە، بە وتەی «سکوت ئەتران» زانای ئەنسرۆپۆلۆجیا، بانگەشەی حکومەت بۆ ئەبەنیکردنی وێنەیەکی میانڕەو لە ئیسلام وەک داواکاری بەئەمەنەکانە لە گەنجەکان بۆ میانەڕەوی لە پۆشینی جلوبەرگ و مۆسیقا، بە دانپێدانانی وەزیری ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا «جانێت نابۆلیتانۆ» تا ئێستا ئێروانینێکی گشتگیر نییە بۆ ئەوەی چی وا لە کەسێک دەکات کە ببێتە توندڕەو.

شانبەشانی هەوڵە ناوخۆییەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرنامەیەکی ئەبەنی کردووە تایبەت بە بەندکراوەکان، بەرنامەکە وەکو رێبەرێک وایە ئەو بەرپرسە ئەمەریکیانە بەرهەمیانهێناوە کە سەرپەرشتی بەندکراوەکانی جەنگی عێراق دەکەن، بەرنامەکە چەند ئایەتێکی قورئان لەخۆدەگرێت کە بابەتی میانڕەوی و توندڕەوی تێدایە، ئاماژە بە بەڵگەی ئەوانە دەکرێت کە چەند برگەیەکی دیاریکراو بەکاردەهێنن بۆ پاڵپشتکردنی ئەو جۆرەی تەفسیری قورئان کە خۆیان دەیانەوێت، لە رێگەی ئەم بەرنامەوە بەرپرسان دەیانەوێت جۆرێک لە ئیسلامیی میانەڕەو بخەنەڕوو کە رێنماییە کلاسیکییەکانی ئیسلام لەگەڵ ئامانجە ستراتیجیەکانی ئەمەریکا بگونجێنن.

ئەم پرۆژەیە لەژێر سەرپەرشتی جەنراڵ دۆگلاس ستۆن بەرێوەدەچێت کە شانازی بەوەوە دەکات لێبوردەییەکی زۆری تێدایە.

## ٢- ئیسلامی ئەوروپی:

لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا کۆتایی سەدەی بیست، وڵاتانی ئیسلامیی بەشێکی دانەبڕاو بوون لە جوگرافیای سیاسیی ئەوروپا، بە درێژایی قۆناغی نوێ، خیلافەتی عوسمانی شاری ئەستەنبوڵ پایتەختی بوو، ئەوان دیارترین هێزی ئیسلامیی کیشوەرەکە بوون، بەڵام لەگەڵ لاوازبوون و کەوتنی دەوڵەتانی ئیسلامی ئەوروپا (غەرناتە، خاناتەکانی ئەروپای رۆژهەڵات و خیلافەتی عوسمانی) زۆرێک لە موسڵمانان خۆیان لەژێر نیری حکومەتە نائیسلامییەکاندا بینیەوە.

سیاسەتی پەیڕەوکراو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەمینە موسڵمانە جیاوازبوو، ئەمەش بەگوێرەی قۆناغ و هەر دەوڵەتێک بوو، نەمانی دەسەڵاتی ئیسلامیی بووە هۆی نوێبوونەوەی کارەکە کە تا ئەمڕۆش کاریگەرییەکانی ماوە هەرچەند رووکەشەکەی جیاوازە.

لەو چوارچێوەدا، «نیکۆلا سارکۆزی» وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا لە ٢٠٠٢ ئەنجومەنی فەڕەنسی بۆ ئایینی ئیسلامیی دروستکرد، تا ببێتە دامەزراوەیەکی موسڵمانانی فەڕەنسا و کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەرەکی لە ئیسلامیی فەڕەنسی بەوپێیەی شتێکی ناوخۆییە.

کاتێکیش ناوەندی توێژینەوەی لیبرالی (مۆنتانی) هۆشداری دایە سەرۆک ئیمانۆیل ماکرۆن لە «کارگەی بەرهەمهێنانی ئیسلام»ی تورکی، فەڕەنسا زیاتر لە جارێک رایگەیاند نایەوێت پێشنوێژ بۆ مزگەوتەکان لە تورکیا، مەغریب و جەزائیرەوە بێنێت، هەروەک بڕیاریدا ژمارەی ئەو پێشەوایانە کەمبکاتەوە کە لە تورکیاوە دێن بە سەرنجدان لەوەی هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی لە دامەزراوە ئایینییەکاندا.

بەهەمان شێوە دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا سوورن لەسەر راهێنان بە پێشنوێژان تا ئەڵمانیا سەربەخۆیی زۆرتری هەبێت لە کاروباری ئایینی، هەروەک ئەنگێلا مێرکل راوێژکاری ئەڵمانیا لە وەسفی ئەم حاڵەتەدا دەڵێت بۆ سنوردارکردنی نفوزی تورکیا لەناو موسڵمانانی ئەڵمانیادایە.

٣- ئیسلامی رووسی

لە چەند سالی رابردوو کرملین بەشێوەیەکی بەرفراوان چەمکی «ئیسلامی نەریتیی» بەکاردێنێت، کە بە بڕوای ڤلادیمێر پۆتین بەشێکی دانەبڕاوە لە کولتووری رووسیا و یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی جیهانبینی رووسیا.

«تەلعەت تاجەدین» موفتی باڵای رووسیا یەکەم کەس بوو کە ئەم زاراوەی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردو بەکارهێنا، ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ دۆخی نوێی رووسیا کە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت دروستبوو.

هەروەک «حەسەن حەسەن» لە گۆڤاری «زی ئەتلانتیک» ئاماژەی پێدەدات هەوڵەکانی مۆسکۆ بۆ برەودان بە جۆرێکی تایبەت لە «ئیسلامی میانڕەو» هاوشانە لەگەڵ ئەو هەڵمەتەی هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی دەیدەن بۆ نەهێشتنی ئیسلامیزم و ئەم هەوڵانەش پێکەوە خزمەتی یەکتر دەکەن.

### ٤- ئیسلامی کەنداو

- سعودیە: لە ئەیلولی ٢٠١٧ محەمەد بن سەلمان جێنشینی سعودیە رایگەیاند «ئێمە نوێنەرایەتی بەها میانڕەوەکان دەکەین، ... حەق لەگەڵ ئێمەیە لەوەی رووبەڕووی دەبینەوە، ... بەم نزیکانە بەسەر پاشماوەی توندڕەوی زاڵ دەبین». ئەو وتیشی «ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لەسەری بووین ئیسلامی میانڕەو و کراوە بە رووی جیهان و هەموو ئایینەکان و نەریتی گەلان، ... حەفتا لە سەدی گەلی سعودیە تەمەنی کەمترە لە ٣٠ ساڵ، بە راشکاوی ٣٠ ساڵی تەمەنمان بەفیڕۆنادەین لەگەڵ بیرێکی تێکدەر، ئەمڕۆ تێکیدەشکێنین».

توێژەرانی رۆژئاوا لەو بڕوایەدان «پرۆژەی چاکسازی» جێنشینی سعودیە ئەگەری دەستکەوتی ئەرێنی زۆری هەیە لە «بەرەنگاربوونەوەی جیهاد»، هەرچەند هێشتا کاریگەری ئەو چاسازییانە روون نییە، بەڵام رۆژئاواییەکان بە وردی چاودێری دەکەن، هەندێکیش پێیانوایە ئەگەری هەیە سروشتی مەترسی بزووتنەوە

جیهانییەکان لە چەند ساڵی داهاتوو دیاریبکات.

- ئیمارات: ئیسلامی سیاسیی لە ئیمارات ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەتە، بەڵام بە پێچەوانەی سعودیە، ئیمارات خەونی بڵاوکردنەوەی ئیسلامیی لە دەرەوەی سنووری خۆی نییە، بەڵکو پشتیوانی هێزە دژە ئیسلامییەکان دەکات، چەندین دامەزراوەی ئایینی دروستکردوە کە لەگەڵ دونیابینیەکەی کۆکە، لەوانە: ئەنجومەنی دانایانی موسڵمان، کە شێخ ئەحمەد خەتیب سەرۆکی ئەزهەر و شێخ عەبدولا بن بیهـ سەرۆکایەتی دەکەن، ئەم ڕێکخراوە ئیمارات بۆ ڕکابەری یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان دروستیکرد کە لەلایەن یوسف قەرزاویەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. ئیمارات کاردەکات بۆ لەخۆگرتنی ئەزهەر و بەکارهێنانی لە جەنگی دژ بە سەلەفیزم و ئیخوان موسلیمین، هەروەک «ئەندرۆ ئێری» پێشنیار دەکات ئەمە گێڕانەوەی ڕۆڵی ئەزهەرە بۆ لێدانی توندڕەوی لە میسر، کە پێدانی ڕۆڵە بە زانایانی نەریتی لەجیاتی زانایانی تر.

#### ٥- ئیسلامی ئەزهەریی

«ئەندرۆ ئێری» دەڵێت «لە کاتێکدا کۆشکی سپی، وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی ناوخۆی ئەمەریکا کاردەکەن بۆ نەهێشتنی توندڕەوی لە ناوخۆ و دەرەوە، پێویستە هانی وڵاتانی وەکو میسر بدرێت کە بگەڕێنەوە سەر بنەڕەتی خۆیان، لە جیاتی بەرنامەی نوێ ڕۆڵی دامەزراوە ئایینییە نەریتییەکان بگێڕنەوە». هەروەها دەشڵێت «ئەگەر سیسی بتوانێت وەقفە ئیسلامییەکان بلکێنێت بە ئەزهەرەوە، سووربێت لەسەر چاکسازی لە مەنهەجی ئایینی و زیادکردنی بابەتی عەلمانی بۆی، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت لە دروستکردنی بەربەست لەبەردەم ئیخوان موسلیمین و دەبێتە هاندەری میسرییە ئاییندارەکان بۆ نەبەنیکردنی میانڕەوی وەک ڕێگەیەک بۆ ژیانێکی باشتر، ئەمەش ئەو ستراتیجەیە کە بە نموونە لە مەغریب بەرهەمی هەبووە».

بەڵام «جۆن ئەلترمان» جێگری سەرۆکی پەیمانگای توێژینەوەی نێودەوڵەتی و ستراتیجی لە نیسانی ٢٠١٥ هۆشداری دا لە بەکارهێنانی ئەزهەر بۆ مەبەستی سیاسیی، هەرچەند بەکارهێنانی ئایین لەلایەن حکومەتە عەرەبییەکانەوە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێکی نوێ نییە، بەڵام کارێکی پڕ مەترسیشە. بە بڕوای ئەو توێژەرە هەرچەندە ئەزهەر لەمێژینەترە لە دەوڵەتی میسر، بەڵام لەگەڵ بەکارهێنانی بۆ مەبەستی سیاسیی ئەوا ڕاستگۆیی خۆی لەدەستدەدات، بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ناوچەکە، دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئەلترمان دەشڵێت «بە گوێرەی ئەوەی هەندێک پێیانوایە ئەزهەر چارەسەرە بۆ ئەو کێشانەی جیهانی عەرەبی ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەڵام زیادەڕۆیی لە پشتبەستن بەو دامەزراوە کاریگەرییەکەی لاواز دەکات، چونکە پێدانی دەسەڵاتی زۆر بە دامەزراوە ئایینییەکان جێکەوتەی چاوەڕواننەکراوی دەبێت، هەروەک جێگرەوەکانی

> ئیمارات خەونی بڵاوکردنەوەی ئیسلامیی لە دەرەوەی سنووری خۆی نییە، بەڵکو پشتیوانی هێزە دژە ئیسلامییەکان دەکات

عەبدولناسر بۆیان سەلما، بە کورتی ئەزهەر کەرەستەیەکی جەنگی عەرەبییە دژی توندڕەوی بەڵام نابێت زیادەڕۆیی بکرێت لە بەکارهێنانی». لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ئەزهەر بەشێکە لە چارەسەر، لە ئازاری ٢٠١٦ پەیمانگەی واشنتۆن وتارێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناوی «توندڕەوی فیکریی ئەزهەر»، ئەو خاڵە هاوبەشانەی خستبووە روو کە لە نێوان ئەزهەر و داعش هەن، پاڵپشت بەوەی «ئیبراهیم عیسا» دەربارەی مەنهەجی ئەزهەر خستبوویەڕوو، سەبارەت بە هاندان دژی ناموسڵمان و کۆیلەیەتی

> ”
> هێشتا زۆرینەی سەلەفی زانستیی و جیهادیی پرۆسەی دیموکراسی ڕەتدەکەنەوە، تەنانەت سەلەفی سیاسیش بەگومانەوە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات
> “

سێکسی، وتارەکە بەم شێوە کۆتایی پێهاتووە «دەوڵەتی ئیسلامیی -داعش- تاکە هێز نییە کە لەسەر جیهان پێویستە یەکگرتوو بن بۆ بەرنگاربوونەوەی، چەندین راقەی نەشیاوی ئیسلام لەو کتێبانەدا هەیە کە قوتابیانی موسڵمان دەیخوێننەوە، ئەو بنەما ئایدۆلۆجیانەی داعش لەسەری دامەزرا، دوای رووخانی ئەو رێکخراوەش هەر بوونیان هەیە، بۆیە پێویستە گۆڕانکاری بکرێت لە مەنهەجی خوێندنی ئەزهەر».

**جێداری دووەم: سۆفیزم**

«سەید حسێن نەسر» مامۆستای توێژینەوەی ئیسلامیی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن دەڵێت «سۆفیزم لە جیهانی ئیسلامیی رکابەری بەهێزی توندڕەوی ئایینییە، یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەی وەڵامدانەوەی ئاڵنگارییەکانی کە مۆدێرنە دەیخاتەڕوو»، ئەوەی لە سۆفیزمدا سەرنجی رۆژئاواییەکان رادەکێشێت «رێزگرتنی سەرجەم ئایینەکان، خۆشەویستی هەمووان، هاشێوەی مەسیحی»، «مارسیا هیرمانسن» پسپۆڕی سۆفیزم لە زانکۆی لۆیولا لە شیکاگۆ دەڵێت «لە رووی مێژووییەوە سۆفیزمی ئیسلامیی کاریگەری زۆرتری هەبووە لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیی بەراورد بە کاریگەری سۆفیزمی جولەکە و مەسیحیی لەسەر کۆمەڵگەکانیان».

هەرچەندە هەوڵی بەکارهێنانی سۆفیزم بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی سەرنجڕاکێشە، بەڵام «ڕەشید عەبدی» هۆشداری دەداتە حکومەتەکان لە ئەگەری مەترسییەک، کاتێک دەوڵەت ئەبەنی سۆفیزم بکات دەوڵەت بەڕووی پرسێکی تردا دەکرێتەوە کە راستکردنەوەی ئیسلامێکی «شێواو»ە لە دیدی هەندێکدا و ئەمەش لێکترازانی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە و بەتایبەت سەلەفییە میانڕەوەکان دژی سۆفیزم دەوەستنەوە.

بە بڕوای «سارە فیور» توێژەر لە پەیمانگەی ئۆنی بلێر بۆ گۆڕانی نێودەوڵەتی، سۆفیزم جێدارێکی توندڕەوییە، بەڵام دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت سۆفیزمیش لەخودی خۆیدا پارێزراو نییە لە توندوتیژی، ناوبراو وەک بەڵگە ئاماژە بە سوپای نەقشبەندی لە عێراق دەکات، هەروەها مومتاز قادری پاسەوانی کەسیی و بکوژی سەلمان تاسیر حاکمی ویلایەتی هەرێمی بنجابی پاکستان.

لە واقیعدا لایەنە حکومیی و ناحکومییەکان سۆفیزم بەکاردێنن وەک پارێزەرێک دژ بە ئایدۆلۆجیای توندڕەوی و ئامرازێکی میللی «هێزی نەرمی ئایینی» و کاریگەری دروستکردن لەسەر ئەوەی ئەوانی تر دەیکەن لە چوارچێوەی «قەناعەتپێکردن لە جیاتی زۆرلێکردن»، سۆفیزم وەکو وێنایەکی ئیسلامیی

ڕاستەقینە دەخەنەڕوو کە دەتوانرێت پەیڕەوی بکرێت و شەرعییەت لە توندڕەوی بسەنرێنەوە، بەو شێوەیە توندڕەوی و سۆفیزم دەبنە دوژمنی یەکتر وەک دوو چەمکی دژ بە یەک، وا لێیان دەڕوانرێت کە دوو کیانی ڕکابەرن لەسەر ڕۆحی ئیسلام.

بە سەرنجدانێکی مێژوویی لە بەسیاسیکردنی سۆفیزم ڕووندەبێنەوە کە دیدی ڕۆژئاوایی بۆ سۆفیزم جۆرێک لە خەیاڵی و چەواشەکەرە، نەک لە ئێستادا بەڵکو لە ڕابردوودا بە تایبەت لە قۆناغی ئیستعماردا، دەنگی سۆفیزم وەکو مەترسییەک دەدرەوشایەوە، لە جەزائیرەوە بۆ هیندستان سەرکردە سۆفییەکان ڕێبەرایەتی شۆڕشەکانیان دەکرد دژی ئیستعماری ئەوروپی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ سۆفیزم بەرجەستەکردنی بەها ئایینیە ئەرێنییەکانە کە ڕۆژئاوا بە تێکشکێنەری تیرۆر ناویدەبات، وەک ئامرازێکی هێزی نەرم و دارشتنەوەی وێنەیەکی نوێی ئیسلام بەکاریدەهێنێت، ئەم سیاسەتە کۆکە لەگەڵ هەوڵەکانی بڕیاربەدەستانی سیاسەتی ئەمریکا بۆ پێشکەشکردنی ئیسلامێکی میانەڕەو.

لە کاتێکدا حکومەتە جیاوازەکانی ناوچەکە و جیهان سۆفیزم بە مەبەستی سیاسیی بەکاردەهێنن، با ل\ لیۆزخانەی ئەمریکا هاوکاری نوێکردنەوەی مەزارگەی سۆفییەکان لە باشوری بنجاب دەکات، لایەنەکانی سۆفیزمیش کەوتونەتە چالاکیی بۆ قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە و بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتییەکانیان و هەوڵ دەدەن کاربکەنە سەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکانیان بە ئامانجی بەدەستهێنانی سەرچاوەی ماددی و سیاسیی.

هەوڵەکانی «ئیسلامیی میانەڕەو» جێکەوتەی لە هەندێک وڵات هەبووە، بە نموونە لە کەناراوەکانی ئەفەریقا بووەتە هۆی کەمکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان گرووپە ئایینیە ناکۆکەکان، لە پاکستان، لایەنە چالاکەکان کە دەوڵەت بە سۆفیزمی میانڕەو وەسفیان دەکات ڕۆڵیان بینیوە لە لەمپەڕدانان لەبەردەم تاڵیبان. هەرچەندە لە ڕووی تیۆریەوە ئەم جێدارە گونجاوە و بەلای ڕۆژئاواییەکانەوە سەرنجڕاکێشە، بەڵام پێشکەشکردنی سۆفیزم وەک ئامرازێکی نموونەیی جێکەوتەی پێچەوانەشی هەیە لە بابەتی پەیوەست بە توندوتیژی، بەڵکو هەندێک دەستپێشخەری سۆفیزم ڕۆڵی بینیوە لە پەرەگرتنی توندڕەوی لە کاتێکدا دەبوو ڕووبەڕووی ببێتەوە، لە هەندێک حاڵەتدا لێکترازانی زۆرتری لێکەوتوەتەوە، هەندێک لە ڕێبەران و مەزارەکانی سۆفیزم بە ئامانجگیراون، هەروەکو لە سەردەمی زیائولحەق لە پاکستان ڕوویدا.

کاتێک دەوڵەت، بە تایبەت دەوڵەتی ناکرەو بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی دیاریکراو دەکاتە ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجەکانی، دەشێت ئەم بزووتنەوەیە ببێتە جێی مەترسی، لەو نێوەندەشدا برەودانی سۆفیزم لە چوارچێوەی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر تیرۆر، لەلایەن بزووتنەوە جیهادییەکانەوە وەکو ئامرازێکی ئیمپریالیزمی نوی ئەژمار دەکرا، ئەمەش ڕاقەی بە ئامانجگرتنی مەزاری سۆفییەکان لەلایەن توندڕەوەکانەوە دوای یانزەی سێپتەمبەر ڕووندەکاتەوە، لە هەندێک شوێنی تری جیهانی ئیسلامیی ئەو پرسیارە دەوروژێنرا کە: چی ڕوودەدات کاتێک سۆفییەکان پارێزگاری لە بریکارەکانی ئەمەریکا دەکەن، لە کاتێکدا ئەمەریکیەکان خۆیان دوورن؟

دواجار ڕەنگە پێدانی شەرعییەت بە هەندێک لایەنی سۆفی لەناو ژینگەیەکی پڕ لە توندوتیژی، مەترسییەکی تر دروستبکات کە لەبەرگی سۆفیدا خۆی دەنوێنێ، لە ئەنجامدا حکومەت ناچاربێت هەڵمەتێکی بەرفراوان ئەنجامبدات دژی سەرکردە و شوێنکەوتوانی هەروەکو لە پاکستان ڕوویدا.

## جێداری سێیەم: سەلەفی هێمن

بەپێی گۆڤاری زی ئەتلانتیک، سەلەفی هێمن ڕکابەری سەلەفی جیهادییە کە بەغدادی نوێنەرایەتی دەکات، زۆر بەسادەیی «ناشێت ناموسڵمان گۆڕانکاری لە چۆنێتی مومارەسەی ئایینداری موسڵمان بکات، بەڵکو خودی موسڵمانان خۆیان دەتوانن بچنە ناو ئەم مشتومڕەوە، ئەمەش بە کردەوە لە قۆناغێکی زووەوە دەستپێکردووە، هەڵسەنگاندنی داعش لەلایەن

ناموسڵمانانەوە جێگەی گاڵتەجاڕی جیهادییەکانە».
زۆربەی سەلەفییەکان جیهادی نین، زۆرێک لەوان لەناو گروپێکدان ئەو مینۆدە رەتدەکەنەوە کە دەوڵەتی ئیسلامیی «داعش» پەیڕەوی لێدەکات، راستە وەکو جیهادییەکان بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن ناکەن، بەشداری دروستکردنی حیزبی سیاسیی ناکەن، پابەندن بە بەرقەرارکردن و فراوانکردنی دارولئیسلام و جێبەجێکردنی سنوورە شەرعییەکان، ئەگەر لە قۆناغی داهاتووش بێت، بەڵام کاری لەپێشینەیان پاکردنەوەی دەرون و رەوشتە، دژی هەر کارێک دەوەستنەوە ببێتە رێگر لەبەردەم ئەو ئامانجە، لەوانە بەشداری جەنگ، مانگرتن کە بە بڕوای ئەوان رەنگە ببێتە رێگر لە جێبەجێکردنی دروشمە ئایینییەکان و بەربەست لەبەردەم وەرگرتنی زانستی شەرعی، دەوڵەتی ئیسلامیی بە گاڵتەجاڕییەوە لەم جۆرەی سەلەفییەت دەڕوانێت و پێیان دەڵێن «پێویستیمان بە فەتوایەکە دەربارەی حەرامێتی پاسکیلسواری لەسەر هەسارەی مشتەری». «جۆرج فریدمان و کۆبنان ویکتۆرویکەر» رەوتی سەلەفی بۆ سێ گرووپ دابەشدەکەن:
١- سەلەفی زانستی/ دورەپەرێز/ هێمن: بەهێزترین رەوتی سەلەفییە و لە رێگەی بانگەوازەوە دەخوازن ئیسلام بڵاوبکەنەوە و زۆرترین هەژموونیان هەیە.
٢- سەلەفی جیهادی: جیهادییەکان دەیانەوێت ئەجێندای ئایینی ئەبا لەگەڵ دیدی خۆیان بۆ ئیسلام جێبەجێبکەن، بڕوایان بە بەکارهێنانی هێزە بۆ گەیشتنە ئامانج.
٣- سەلەفی سیاسیی/هەڵبژاردن: بە زۆری ئەم جۆرەی سەلەفییەت لە منداڵدانی بەهاری عەرەبییەوە لەدایکبوو، ئەو سەلەفییانە دەگرێتەوە کە بڕوایان بە هەڵبژاردن هەیە وەکو ئامرازێک بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و جێبەحێکردنی دید و تێڕوانینی خۆیان لە رێگەی حکومەتەوە.
ئەو سێ گرووپە لەژێر پەردەی سەلەفییەت لە کێبڕکێیەکی توندان لەگەڵ یەکتر، لە حەفتاکانەوە سەلەفی زانستی و جیهادی لە ململانێیەکی توندان، لەم ساڵانەی دواییدا بە تایبەت دوای بەهاری عەرەبی گرووپی سێیەم برەوی زۆرتری پەیداکرد کە دەیەوێت لە رێگەی بەشداری هەڵبژاردنەوە سەلەفیزم بڵاوبکاتەوە. بەڵام تا ئێستاش سەلەفی زانستی هەژموونی لە دوانەکەی تر زۆرترە و پێیانوایە دەبێت هەستی ئیسلامیی لە تاک و کۆمەڵ بەر لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی بچێنرێت، لەمەشدا پێچەوانەی سەلەفی جیهادی بیردەکەنەوە.
تا ئێستا هیچ حاڵەتێک نییە سەلەفی جیهادی پرەنسیپەکانی سەلەفی سیاسییان پەیڕەوکردبێت، بەڵام هەندێک لە پەیڕەوانی سەلەفی زانستی دوای بەهاری عەرەبی تەبەنی بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە وەکو ئامرازێکی گۆڕانکاری.
بە بڕوای فریدمان لە ئەگەری کۆتاییهاتنی جەنگ لە داهاتوودا رەنگە سەلەفی سیاسیی رۆڵ ببینێت و ببێتە پردێک بۆ بەشێک لە سەلەفی جیهادی تا بەشداری پرۆسەی سیاسیی بکەن.
بەڵام بە گوێرەی شیکاری (جیۆپۆلەتیکا فیوتشەرز) هێشتا زۆرینەی سەلەفی زانستیی و جیهادیی پرۆسەی دیموکراسی رەتدەکەنەوە، تەنانەت سەلەفی سیاسیش بەگومانەوە بەشداری پرۆسەی هەلبژاردن دەکات و تا رادەیەکی زۆر ترسی هەیە لە ململانێی دیموکراسی لەگەڵ بابەتە ئایینییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەو تەفسیرە ئیسلامییانەی کە لەو شیکارییەدا وەکو تەفسیری توند باسکراوە رۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕاوە لە بەرهەمهێنانی توندڕەوی لەم چەند دەیەی دوایی، لە کاتێکدا سەلەفی زانستیی نەیتوانیوە رووبەڕووی سەلەفی جیهادیی بوەستێتەوە، چونکە بەرنامەیەکی سیاسیی پێشکەش نەکردووە، بەڵام سەلەفی سیاسیی ئەوەی کردووە، بۆیە لەوانەیە بتوانێت لە سایەی سیستمە سیاسییە دیموکراسییەکاندا زەمینەی لەبار برەخسێنێت و ببێتە لەمپەرێکی بەهێز لەبەردەم سەلەفی جیهادیی.
ئەو ئەنجامەی ئەو بڵاوکراوە پییگەیشتووە، تەبایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ناوەندەکانی تری توێژینەوە لە رۆژئاوا، کە پێیانوایە سەلەفی زانستیی دەتوانێت لە بنەما ئایدۆلۆجییەکاندا بەرامبەر سەلەفی

جیهادی بوەستێت، بەڵام فریدمان شیکارەکەی بەوە کۆتای پێدێنێت کە لە کاتێکدا حوکمی تاکڕەوی لە وڵاتانی عەرەبی هەژموونی هەیە سەلەفی ناتوانێت بە ئاراستەیەکی گونجاو هەنگاو بنێت، شکستی سەلەفی سیاسییش پێگەی سەلەفی جیهادیی بەهێزتر دەکات.

**جێداری چوارەم: ئیسلامی سیاسیی**

مامەڵەکردن لەگەڵ جیهادییەکان ئەوە پێویست دەکات کە سیستمی نوێ هەبێت کە کەمەندکێشی گرووپە جیهادییەکان کەمبکاتەوە، بەپێی راپۆرتی «کۆمەڵەی ئەنگژەی نێودەوڵەتی» ئامادەیی ئیسلامییە ئاتوندوتیژەکان بە تایبەت رەوتی ئیخوان موسلیمین

> ئەو رێکخستنەی بن لادن دروستکیردووە بۆ ماوەیەکی زۆرت دەمێنێتەوە بەراورد بەوەی بەغدادی دروستیکردووە

بۆ پەسەندکردنی فرەیی سیاسیی و ئایینی و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی جێکەوتە و رەنگدانەوەی دەبێت، دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەو بزووتنەوە ئاشتیخوازانەی دەیانەوێت پێگەیەک لەناو سیستمی نێودەوڵەتی بەدەستبێنن و ئەوانەی ویستی ئێکدانی ئەو سیستمەیان هەیە، بۆیە باشترە بارگرژی نێوان سیستمە عەرەبییەکان و ئیخوان کەمبکرێتەوە.

بەڵام لە هەمان کاتدا رێکەوتنێک نییە لە رۆژئاوا لەسەر ئەم جێدارە، هەندێک پێیانوایە ئێزەکانی ئیسلامی سیاسیی مەترسی لە جیهادییەکان کەمتر نییە، ئەمەش بە سەرنجدان لە ئامانجی هاوبەشیان، وەکو ئەو کەسە وایە لە گەرمای بەئینیدا پەنا بۆ ئاگر ببات.

بەر لە چەند ساڵێک گۆڤاری «زا نیو ریپابلیک» وتارێکی بڵاوکردەوە کە «پاول بیرمان» نووسیبووی، دواتر ناوبراو کردیە کتێبێک بەناوی «گەشتی بیرمەندان»، پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکرد کە ئەو ئیسلامییانەی پەیڕەوی لە توندوتیژی دەکەن مەترسییە گەورەکە نین، بەڵکو منالی ئامۆزاکانیان کە خۆیان وەکو «میانڕەو» ناساندووە مەترسین چونکە لە توانایاندایە لیبرالییەکان راکێشنە ناو یاریەکەوە، رەتکردنەوەی توندوتیژی لەلایەن ئەوانەوە مامەڵەیەکی چەواشەکارانەیە و لاوەکییە، ئیسرائیل و هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق ناگرێنەوە، پرۆژەکەیان کە گۆڕینی کۆمەڵگەیە لە بنەوە مەترسی قوڵی هەیە لەسەر ئەو موسڵمانانەی کە ناچارن لە ژینگەیەکدا بژین کۆنەپارێزی تێیدا باڵادەستە.

بیرمان، هێرشی توند دەکاتە سەر میتۆدی زۆرێک لەوانەی لە ئەمەریکا و ئەورپان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەوەی ئەو ناوی ناوە «دوژمنی هەڵە»، بۆیە ئامۆژگارییان دەکات کە دەبێت دیدێکی لیبرالی روون هەبێت بۆ رێگریکردن لەو موسڵمانانەی بەرگی میانڕەوی دەپۆشن.

**جێداری پێنجەم: لەخۆگرتنی جیهادییە میانڕەوەکان لە رێگەی دانوستانەوە**

بەچاوپۆشی لە چارەنووسی رێکخراوەکان خۆیان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا بووەتە پێگەیەکی ناجێگیریی سیاسیی و ئابووریی، ئەگەری هەیە لە داهاتودا ببێتە زەویەکی بەپیت بۆ بزووتنەوەی جیهادی میانڕەو.

لە جیهانی ئایدیالیزمدا ئامۆژگاری حکومەتەکان دەکرێت بە چارەسەرکردنی ریشەیی کێشەکان و سڕینەوەی و

لابردنی ئەو دۆخەی وای کردوە جیهاد سەرنجڕاکش بێت، بەڵام هەتا هۆکارە ئابوریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان هەبن بۆ توندوتیژی، چارەسەری ئەو پرسە قورسترە و دەستپێشخەری و ئارامگری زۆرتری دەوێت، بە سەرنجدانێکی کورت لەمەش، دانوستان دەبێتە بژاردەیەکی گونجاو لەگەڵ پێکهاتە راستەقینەکانی پرسەکە ئەگەر دۆخەکە لەباربێت.

ئەمە یەکێکە لەو بژارانەی لەم دواییەدا باسوخواسی لەبارەوە دەکرێت ئەمەش دوای ئەوەی بژارەکانی تر ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، هەڵبەتە ئەم بژارەیە تەنها دانوستان نییە لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییە نیشتمانییەکانی وەکو تاڵیبان، کە بە چاوێکی جیاواز لێی دەڕوانرێت، بەڵکو مەبەست پێی ئەو رێکخراوانەشە کە سنوری دەوڵەتان دەبەزێنن و نێودەوڵەتین وەکو قاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامیی، ئەم بژارە لەلایەن «فۆرین پۆلیسی»یش لە زمان «مارسا کرینشۆ» راگەیەنراوە.

سەنتەری ئەفەریقا بۆ توێژینەوەی ستراتیجی سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا پێشنیار دەکات کە «هەولی بەردەوام بدرێت بۆ بەشدارپێکردنی ئیسلامییە چەکدارەکان لە وتوێژ لە پێناو دۆزینەوەی رێگەچارەی ململانێکانی ئێستا»، سەنتەرەکە دان بەوەدا دەنێت کە ئەمە ئەرکێکی قورسە، بەڵام سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە دەشێت لەناو بزووتنەوە چەکدارەکان گرووپە میانڕەوەکان بدۆزرێنەوە و دانوستانیان لەگەڵ بکرێت.

«کۆینتان ڤیکنۆروڤینش» راوێژکاری باراک ئۆباما سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا دەڵێت «بۆ ئەوەی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی سەربگرێت، پێویستە خێوەتێکی گەورە هەڵدەین و هەموو ئەوانەی دژ بە تیرۆر و توندوتیژین لە سایەیدا کۆببنەوە و ببنە بەشێک لەو هاوپەیمانییە»، بەڵام سەنتەرەکانی فیکر و کەسایەتییە کاریگەرەکان رەخنە لە ستراتیجی «خێوەتی گەورە» دەگرن، ئەوان پێیانوایە پەیوەندی حکومەت لەگەڵ ئەو توندڕەوانەی مومارەسەی توندوتیژی ناکەن واتە بەدەستهێنانی دەستکەوتی کورتمەودا لەسەر حسابی مەترسییە درێژخایەنەکان، لەوەش گرنگتر خەرجکردنی پارەی ئەو کەسانەی باج دەدەن و باوەڕیان بە لیبرالی هەیە بۆ کەسانێک کە ئاراستە و پەیوەستی کۆمەڵایەتیان جیاوازە.

جیاکردنەوەی ئەو گرووپانە کارێکی ئاسان نییە، لە سوریا وەزارەتی بەرگری و دەزگای هەواڵگری هەڵسان بە راهێنان و چەکدارکردنی چەند گرووپێک کە بە میانەڕەو ئەژمار دەکران (جیاوایەکە ئەوەیە تەنانەت ئەوانیش بەدوورنەبوون لە پێکدادان) لەژێر سەرپەرشتی تیمێکی هاوبەشی ئاژانسەکانی سوریا (cjiatf) کە بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرابوو، ئەم تیمە ئەمانەی لەخۆدەگرت: شیکارانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە دەزگای هەواڵگری سەربازی ئەمەریکا، ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا، سەرکرایەتی ئاسایش و هەواڵگری سەر بە سوپای ئەمەریکا.

ئەگەری هەیە داهاتوو هاوکاری زۆرت بەخۆوە ببینێت لە نێوان جیهادییەکان و گرووپە خۆجێییە ناجیهادییەکان و تاوسەندنی زیاتری گرووپە جیهادییەکان، بە سەرنجدان لە توانای جیهادییەکان بۆ خۆگونجاندن و بلاوبوونەوە، بژارەی نەهێشتن و بەرەنگاربوونەوەیان بە هێز سنوردار دەکات، ئەگەر بژارەی هێز نەتوانێت بەسەر تیرۆردا سەرکەوێت ئەوا کات گونجاوە بۆ دانوستان، کە ئەمەریکا ئامادەیە بۆ دانوستان لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان، ئەوە بە بیردا دێت کە هەمان سیاسەت بەرامبەر گرووپەکانی تری پەیوەست بە قاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامیی ئەنجام بدرێت.

## ئامادەیی جیهادییەکان بۆ دانوستان

دیدی نەرێنیی ئەوەیە کە جیهادییەکان بە گشتیی مل نادەن بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان، بە نموونە هەردوو نووسەر «دانێل بنجامین و ستیڤن سایمۆن» بەرپرسانی پێشوی ئەمەریکا و خاوەن کتێبی «تیرۆری پیرۆز» پێیانوایە «تیرۆریستانی ئەمڕۆ کورسیان ناوێت لە دەوری مێزەکە، بەڵکو دەیانەوێت مێزەکە بشکێنن».

لە واقیعدا هەندێک لە جیهادییەکان بە نکوڵیکردن دەناسرێنەوە، لە سوریا، هەندێ لە گرووپە توندڕەوەکان

هەر جۆرە چارەسەرێکیان رەتکردەوە تەنانەت ئاگربەستیش لە پێناو رزگارکردنی مەدەنییەکان، لە کاتێکدا دەشیانزانی شکست دێنن، بەڵام هەندێک گرووپی میانڕەوی ناو سەربازگەی جیهادی رێکەوتنیان کرد، لەوانە ئەحرار شام (گرووپێکن لە هەندێک کاتدا هاوپەیمانی بەرەی نوسرە بوون) چووە پاڵ تورکیا بۆ دانوستان لەگەڵ رووسیا و ئێران، تەنانەت بەرەی نوسرەش سەبارەت بە هەوڵەکانی تورکیا بۆ دانوستان بوونە دوو بەش.

لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک کاتدا دەتوانرێت رێکخراوە بەرهەڵستکارەکان تێپەڕێنرێت ئەگەر هەندێک دەستپێشخەری بخرێنە بەردەست کەسایەتییەکان، لە جەنگی ناوخۆی جەزائیر حکومەت لێبوردنی بۆ ژمارەیەک کەسایەتیی ناو گرووپە جیهادییەکان دەرکرد، بەمەش زۆرێکیان دەستبەرداری خەباتی چەکداری بوون و سودیان لە لێبوردنەکەی حکومەت وەرگرت.

ئەوەی بەڵگەنەویستە کە قاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامیی وەکو تاڵیبان نین، تاڵیبانی ئەمڕۆ جیاوازە لەو رێکخراوەی بەر لە یانزەی سێپتەمبەر ئوسامە بن لادنی پەنادا، سەرکردایەتییەکی نوێی هەیە، پاڵپشتی تیرۆری نێودەوڵەتی دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناکات، لە ناوخۆی ئەفغانستان هێرش دەکاتە سەر ئامانجە سەربازییەکان، ئەمەش مانای وا نییە وەهمێک لە مێشکی ئەمەریکییەکاندا دەگوزەرێت و بێئاگان لە ئامانجە کۆتاییەکانی تاڵیبان، بەڵام دەزانن جگە لەم بژاردەیە هیچ بژاردەیەکی گونجاوتر نییە، دەکرێت هەمان سیاسەت بەرامبەر گرووپی تر پەیڕەو بکرێت، دەکرێت تێچوو و سودەکان هەڵسەنگێنرێت، هەمان ئەو گرفتانەی بوونە هۆی پەرەگرتنی گرووپە جیهادییەکان هێشتا لەئارادان، هیچ وەڵامدانەوەیەکی ئەوتۆ نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گرفتانە و چارەسەرکردنی، بەڵام دۆخەکە جێگەی سەرنجە و هەموو بژاردەکانیش کراوەن لەوانە دانوستان لەگەڵ چەند لایەنێکی هەڵبژاردە.

کۆمەڵەی ئەنگڕەی نێودەوڵەتی، داوادەکات کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییە چەکدارەکان بکرێتەوە، تەنانەت لەگەڵ توندڕەوەکانیش، هانی سەرکردەکان دەدات دانوستان بکەن و هەموو لایەنەکانیش بەشداری پێ بکەن. هەندێک لە چاودێران پێیانوایە بینینی هەموو جیهادییەکان بەیەکچاو هەڵە و لاوازییە، هەندێک لە حکومەتەکانیش لە بەرامبەر گرووپە جیهادییەکان پەیڕەوی لە سیاسەتی «پەرت بکە و زاڵبە» دەکەن، بەڵام زۆرجار ململانێ و ناکۆکی ناو خودی گرووپە تیرۆرستییەکان ئەگەری دانوستان قورستر دەکات.

تەنانەت دەوڵەتی ئیسلامیی و لقە خۆجێیەکانی و گرووپەکانی پەیوەست بە قاعیدە، هەمان پێکهاتەی لێکچویان نییە، لەناو ئەم گرووپانەدا کەسانێک هەن پابەندن بە ئامانجە سنوربڕەکان، بەڵام ئەندامە ئاساییەکانیان ئامانجی جودایان هەیە، زۆرینەیان خۆجێین دەکرێت پەیوەستبونیان بگۆڕێت و تەنانەت بە گۆڕانی دۆخەکە گۆڕانکاری لە ئامانجەکانیان دەکرێت، پێویستە لەسەر حکومەتەکان جیاوازی تەنانەت لە نێوان بزووتنەوە رادیکاڵەکان بکەن بە ئامانجی کۆتایهێنان بە توندوتیژی، لەجیاتی پۆلێنکردنی بزووتنەوەکانی تر کە بەدوای پاساودا دەگەڕێت بۆ شەڕکردن لەگەڵی.

## لێبوردن بەرامبەر لێکترازان

لە ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی سۆماڵ بەرنامەیەکی ٦٠ رۆژی راگەیاند بۆ لێبوردن لەو کەسانەی دەیانەوێت لە بزووتنەوەی لاوانی سۆماڵ جیابنەوە، بۆ سودمەندبوون لە بەرنامەکە، دەبێت لێکجیابوەکان دەستبەرداری ئەندامێتی لە بزووتنەوەکە ببن و واز لە تیرۆر بێنن و کاربکەن بۆ باشکردنی دۆخی سۆماڵ، بەشداربوانی بەرنامەکە بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان راهێنانیان پێدەکرێت، وانەی نووسین و خوێندنەوە دەخوێنن، لە رووی دەروونییەوە پاڵپشتی دەکرێن، دواجاریش چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، ئەگەر لێژنەی چاوپێکەوتنی کۆتایی زانیان ئەو کەسە بە تەواوی دەستبەرداری تیرۆر بووە و چیتر مەترسی نییە، ئەوا

ڕێگەی پێدەدرێت تێکەڵی کۆمەڵگە ببێتەوە، ئەوەی لەم بەرنامەیە بەشدار بێت بە تۆمەتی تیرۆر دادگایی ناکرێت و دەتوانێت بگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی و سەر کار، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا هانی دەرچوان (هەڵگرانی بڕوانامە) دەدرا لەگەڵ ناوەندە هەواڵگری و ئەمنییەکان کاربکەن بە مەبەستی دروستکردنی لێکترازانی زیاتر لەناو ریزەکانی رێکخراوەکە.

راستە لێبوردن چارەسەرێکی ئەفسووناوی نییە بۆ بزووتنەوەی لاوان، بەڵام توانای سەربازی لاواز کرد، ئەو کەسانەی بەرژەوەندخواز بوون و پەیوەستی تەواویان نەبوو بە بزووتنەوەکەوە لێی جودابوونەوە، بەرنامەکەیان کردە دەرفەتێک تا بە سەلامەتی لە گۆڕەپانی جەنگ دوربکەونەوە.

## جێداری دژ یەکگرتنی جیهادییەکان

گۆڤاری «زی ئەتلانتیک» هۆشداری دەدات لە ئەگەری یەکگرتنی دەوڵەتی ئیسلامی و رێکخراوی قاعیدە، ئەگەر رووبدات دۆخەکە مەترسیدارتر دەبێت، پێکهاتە نوێیەکە دەبێتە دوژمنێکی مەترسیدارتر لەوەی ئێستا دەیبینین. «سکوت ستیوارت» شیکاری کاروباری ئەمنی لە ستراتفۆر وای دەبینێت کە یەکگرتنی دوو جەمسەری سەرەکی بزووتنەوەی جیهادی جیهانیی مایەی دڵەڕاوکێیە، کۆبوونەوەی تواناکانی دەوڵەتی ئیسلامی و قاعیدە دەتوانێت ببێتە مەترسییەکی گەورە لەسەر تەواوی جیهان، ئەوسا دەبنە دوژمنێکی زۆر مەترسیدارتر لەوەی کە هەر یەکەیان بە تەنها بن. ستیوارت ئاماژە بەوەش دەکات کە یەکگرتنی ئەو دوو رێکخراوە کارێکی زۆر لەوە زەحمەتترە کە پێشبینی دەکرێت.

هەرچەندە ناکۆکییە کەسییەکان کە لە ئێستادا بە روونی ئەو دوو رێکخراوە لێکجیادەکاتەوە، دەتوانرێت وەلابنرێت، بەڵام ناکۆکی ئایدۆلۆجی نێوان دوو رێکخراوەکە زۆر زەقە و ئاسان نییە تێپەڕێنرێت، بە تایبەت دوای ئەوەی ناکۆکییەکان (جگە لە خوێنڕشتنی یەکتر) گەیشتنە ئاستێک کە یەکتر بە خەواریج و هەڵگەڕاوە تۆمەتبار بکەن، بۆیە یەکگرتن لەگەڵ هزرێک کە پێشتر ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵ هەروا ئاسان نییە و سەرکردەکانی هەردولا تووشی جۆرێک لە ئیحراجی دەکات.

ئەندامانی هەردولا ئامادەن لەپێناو قەزیەیەکدا بمرن کە بڕوایان وایە راڤەی راستەقینەی ئیسلامە، بۆیە وا بە ئاسانی دەستبەرداری نابن، ئەمەش کارەکەی هێندەی تر ئاڵۆز کردووە، دەوڵەتی ئیسلامی رێگەیەک نادۆزێتەوە تا خۆی ملکەچی رێکخراوی قاعیدە بکات، چونکە بەغدادی خۆی وەکو خەلیفەی موسڵمانان راگەیاندووە.

ئەمەش بەو مانایە نییە کە دەوڵەتی ئیسلامی و قاعیدە هیچ دەرەتانێکیان نییە بۆ کاری پێکەوەیی لەسەر ئاستی خۆجێیی، لە واقیعدا ئەم جۆرە لە هەماهەنگی لە هەندێک لەو ناوچانەی سوریا لە نێوانیان هەبووە کە شەڕ و هێرشیان بۆ سەر یەکتر ئەنجام نەداوە، بە تایبەت لە ناوچە دورەدەستەکان کە چەکدارانی هەیئەی تەحریر شام و دەوڵەتی ئیسلامی چالاکییان هەیە نەک لەو ناوچانەی بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتیاندایە.

هەندێکجاریش ئەندام یان گرووپێک لەو دوو رێکخراوە دەستبەرداری رێکخراوەکەی بووە و پەیوەست بووە بە رێکخراوەکەی تر، بە تایبەت ئەگەر یەکێک لەو دوو رێکخراوە لەو ناوچە لاواز بوبێت، مێژوویەکی درێژیش لە لێکترازانی ئەو هێزانە لە عێراق و سوریا هەیە، کە گرووپێکی چەکدار بە ژمارەیەکی زۆرەوە پەیوەست بووە بە گرووپێکی تر.

بۆ ئەوەی رێکەوتن لە نێوان ئەو دوو رێکخراوە بێتە دی ئەگەر بە شێوەیەکی سادەش بێت، پێویستە هەردوو رێکخراوەکە پەیوەندییەکانی نێوانیان باشتر بکەن لە رێگەی گۆڕانکاری دونیابینیاندا، تا ئەوکاتەی ئەوە روودەدات بە بڕوای «ستیوارت» ئەگەر یەکگرتنیان لاوازە،

## کۆتایی

بەپێی تێڕوانینی رۆژئاوا دەوڵەتی ئیسلامی توندڕەوترە لە رێکخراوی قاعیدە، هەردوکیشیان زۆر توندڕەوترن

لە ئیخوان، قاعیدە مەترسیدارترە لە دەوڵەتی ئیسلامی، ئەو رێکخستنەی بن لادن دروستکیردووە بۆ ماوەیەکی زۆرت دەمێنێتەوە بەراورد بەوەی بەغدادی دروستیکردووە، بەڵام ئیخوان لەهەموان تەمەن درێژترە لەوان و رەنگە مەترسیدارتربێت لەسەر کۆمەڵگە، بۆیە دەچێت ئەم بە ئەوان لێبدرێت، سیاسیی بە جیهادی ماندوبکرێت، توندڕەو بە میانڕەو ماندوبکرێت، لە کۆتایشدا «دوژمنی چەکدار» بە دەستی ئەوان یان موسڵمانان دەردەچێت و سەلامەت و خاوەن دەستکەوت دەبێت.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS